www.kurdistannet.org
22-3-2007 22:54 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دیمانە لەگەڵ ڕێگا ڕەئوف دەربارەی کێشەکانی ژنان و بزوتنەوەی ئافرەتان ... دیمانە: ستیڤان شەمزینانی

ڕێگا ڕەئوف یەکێکە لە چالاکترین هەڵسوراوەکانی بزوتنەوەی ئافرەتان و پێشتر لە کوردستان لەرێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان کاری کردووە و ئەندامی دەستەی باڵای هەمان ڕێکخراوبووە، لەهەمان کاتداسەرنووسەری رۆژنامەی یەکسانی بووە کە لەساڵی 1993 وە دەستی بە دەرچوون کرد. هەروەها خاوەنی کتێبب (هاوارێك لە کوردستانەوە) یە کە ئەم کتێبە سەدایە کی باشی دایەوە و لەکاتی خۆیدا بۆ چەند زمانێکی بیانی وەرگێردرا وەك زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزیی و هتد. . . ئێستاش لە سوێد نیشتەجێیە



ستیڤان: ئێمە چەندین ڕێکخراوی ئافرەتانمان هەیە بەجیاوازیی بیروڕاو تێگەیشتنی سیاسی و ئایدۆلۆژییانەوە، بەڵام هەست بەوە دەکرێت ئەم ڕێکخراوانە زیاتر کۆمیتەیەکی حیزبین بۆ لە قاڵبدانی ژنان لەچوارچێوەی تێفکرینی حیزبدا، بەم حاڵەوە دەتوانین بڵێین لە کوردستان بزوتنەوەیەکی ژنان هەیە کە خاوەنی دیدگایەی ژنانەو فێمنیستانە بێت؟

ڕێگا ڕەئوف: من پیم وایە کە بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان وەک خوت باست کردووە کە بزووتنەوەیەکە تا "رادەیەکی زور" نزیکایەتی بە حیزبەکان هەیە ئەمە خوی لەخویدا ریگریەکی جدیە لەبەردەم گەشەو پیشکەوتنی بزووتنەوەکەدا. چونکە بەبروای من نزیکایەتی لە حیزبەکانەوە بەو مانایە نەبووە کە ئەم حیزبانە هیز بدەن بە بزووتنەوەی ژنان، بەلکوو ئامرازیک بوون بو لاواز کردنی ژنان وە هیزیک بوون بو ریگری دانان لەبەردەم هەر پیشرەویەکدا کە ئەم بزووتنەوەیە هەولیداوە دەستی بو ببات. نمونەیەکی زیندوو بو ئەمە ریپپوانەکانی 8 مارسی سالانی 1999 وە 2000 کە تەواوی خەلکی سلیمانی هینایە سەر جادە بو وەستانەوە بە دژی تیروری ژن وە قانوونەکانی ئەحوالی شەخسی کە لە نەتیجەدا بە گورینی یەک بەندی قانون بزووتنەوەی ژنانیان کپ کردەوە. وە ئیستاش دوای 7 سال هیچ گورانکاریەکی ریشەیی رووی نەداوە لە ژیانی ژناندا ئەمەیە ئەو تەئسیراتە سلبیانە کە لەلایەن حیزبەکانەوە دەکریتە سەر بزووتنەوەی ژنان. بەلام لە هەمان کاتدا ئەگەر بیمەوە سەر بەشی دووەمی پرسیاەکەت کە ئایا بزووتنەوەیەکی ژنان هەیە کە خاوەن دیدگایەکی فیمنیستی بیت؟ بە بروای من بەلی هەیە!! چون؟ لەناو زوربەی ریکخراوەکاندا دوو جور لیکدانەوە وە تەنانەت بالیش هەیە کە کە یەکیک لەوانە دەیەویت بە دیدگایەکی فیمنیستانەوە بروانیتە مەسەلەی ژنان وە ریگاچارەیان بو دەدوزیتەوە. بەداخەوە ئەم بالە هیشتا لاوازە.

ستیڤان: گومان لەوە نییە چەوساندنەوەو هەڵاواردنی ژنان دیاردەیەکی جیهانییەو تایبەت نییە بە کۆمەڵگەو کولتورێکی دیاریکراو، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم چەوساندنەوەیە زۆر زەق و دیارەو فۆرمێکی بێڕەحمانەی بەخۆوە گرتووە، ئایا کاری ئەولەویی و هەرە گرنگ چییە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە چ ئەوەی دەکەوێتە سەر ڕێکخراوەکانی ژنان و چ ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەستۆی دەسەڵات؟

ڕێگا ڕەئوف: ئەوە راستە کە چەوسانەوەی ژن لە هەموو کومەلگایەکدا بەدی دەکریت وە تەنانەت لیرەش لە ئەوروپا چەوسانەوەی ژن هەیە. بەلام جیاوازیەکی بنەرەتی هەیە لە نیوان کومەلگای ئەورووپی وە کومەلگای شەرقی لە جوری مافە بەدەست هاتووەکاندا وە هەروەها لە جوری

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چەوسانەوەدا. ژنان لە ئەوروپا نزیک بە 50 سالە لە زوریک لە مافە فەردی و مەدەنیەکانیان بەهرەمەندن، ئەو مافانە ئیستا شتیکی حەتمیە، بزووتنەوەی ژنانیش لە ئاستیکی تردایە. نمونەی 8 مارسی ئەمسال ئەوەبوو شیعاری ریکخراوەکانی ژنان (کریی یەکسان بەرامبەر کاری یەکسان) بوو منیش داوام کرد کە قسەو باسیک بکریت لەسەر وەزعی ژنانی عیراق وە وتم پر بەدل حەزم ئەکرد کە ئیمەش لە عیراق هەمان شیعارمان هەبوایە بەلام بەداخەوە ئیمە لەوی هیشتا تیدەکوشین بو مافی زیندوو مانەوە، ئەمەیە جیاوازی بنەرەتی لە جور وە ئاستی چەوسانەوەکان.

بیگومان ئەرکی ریکخراوەکانی ژنان لەوەدایە کە دیفاع لە مافەکانی ژنان بکەن، هەولی بو بدەن چ بە شیوەی باس، لیکولینەوەو نوسین وە تا دەگاتە ئاستی ریپیوان و خوپیشاندان و مانگرتن. بەلام بیرمان نەچیت کە دەسەلاتداران ئەرکی تەواویان ئەوەیە کە گوی بیستی داخوازی جەماوەری ژنان بن وە دەست بدەنە ئال و گور لە قانونەکاندا ئەم دوو کارە پیکەوە گرییان خواردووە. بەلام من شەخسەن هیچ ئومیدیکم بە دەسەلاتداران نیە لە کوردستان چونکە ئەوە ماوەی 15 سال زیاترە ژنانی کوردستان هەولئەدەن بو نەهیشتنی تیرور و کوشتنی ژن ئایا دەسەلاتداران هیچ هەنگاویکیان نا بو چارەسەرکردنی ئەم کیشەیە؟ بیگومان هەموومان ئەزانین کە وەلامەکەی نەخیرە وە کوشتنی ژن دریژەی هەیە.

ریکخراوەکانی ژنان ئەرکیکی حەیاتیان لەسەرە ئەویش ئەوەیە کە ماندوو نەناس بن، خاو نەبنەوە، تا دەگەینە بەدیهاتنی خواستەکانمان ئەمەیان تەنها ئەرکی ئیمەیە.

ستیڤان: ژنانی کوردستان لەژێر توندترین چەوساندنەوەی کولتوریدان بە ئەندازەیەك ژمارە گەلێکی زۆریان پەنا دەبەنە بەر خۆکوشتن و خۆسوتاندن، تەنانەت خۆسوتاندن بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئاگر پەیامێکی پێیە ئەو پەیامە چییە؟ ئایا گوزارشت لە دڕندەیی کولتوور دەکات یان لاوازیی و پاسیڤ بوونی کەسێتی ژنی کورد؟

ڕێگا ڕەئوف: سەبارەت بە خوکوشتنی ژنان وەبەتایبەت خوسوتاندن بیرەحمانەترین دیاردەیە کە ژنان دەستی بو دەبەن. ئەگەر ئینسان یەک تروسکایی لە ژیانیدا ببینیت پیم وانیە بەو جورە دەستی بچیتە ژیانی شیرینی خوی. بویە ئەو دیاردەیە هەم گوزارشت لە درندەیی کولتورەکە دەکات وە هەم لاوازی وە پاسیفستی ژنان. بەلام هوکاری ئەم هەل ومەرجە ژنان خویان نین، بەلکو کومەلگای پیاوسالارو دژی ژنە کە جەهەنەمیکیان بو ژنان خولقاندووە کە بەو جورە کوتایی دینی پیی. من پیم وایە زوریک لەو ژنانە کە خویان دەسوتینن بەو مەبەستەیە کە جوریک لە نارەزایەتی بە وەزعی مەوجود دەکەن بەو ئومیدەی پاش خویان ئال و گوریک بەدی بیت. کەسیکی زور نزیکی من کە کچی ساحیب مالەکەمان بوو لە سلیمانی سالی 1997 خوی سوتاند کاتیک چوم بولای بو خەستەخانە ووتی من خوم سوتاند بەشکەم مالەوە بو خوشکەکانی ترم باش بن. من زور نارەحەت بووم هەر لەبەر گریان قسەم بو نەدەکرا چونکە مەعلوم بوو ئەوە ئاخر جارە دەیبینم بەلام ئاخر شت وتی پەشیمان نیم کە خومم سوتاند بەلام پەشیمانم کە بە جوریک خومم نەسوتاند کە زوو بمرم، پاش یەک هەفتە گیانی لەدەست دا.

مەبەستم لەمە ئەوەیە کە چ دنیایەکی بیرەحمە کە کچیکی 16 سالە بەو جورە ژیانی تەواو بیت؟. ئەگەر زەخت و زوری دەوروبەر نەگاتە ئەوپەری رادەی نائینسانی بوچی وە چون ئینسان دەستی ئەچیتە گیانی خوی. بویە رەنگە خوی لە خویدا ئەمانە پەیامیک بیت کە دەیدەن بە دەوروبەریان، بەلام ئایا ئەو پەیامە چ ئال وگوریکی بەدی هینا بو ژنان؟ بیجگە لە لاواز بوون و ملدان بە وەزعی مەوجود.

خالیکی تر کە نابیت لە بیرمان بچیت ئەوەیە کە زوربەی ئەو حالەتانە کوشتنی ناراستەوخوی ژنانە. چون؟ بەو پیەی کە لەم مەیدانەدا من خوم کاریکی زورم کردووە، راستیەکان ئەوەی نیشان داوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
22-3-2007 22:54 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا
دەوروبەر زور دینن بو كچەكە كە خوی بسوتینی بەو جورە لە مەسەلەی ناموس نەجاتیان دەبیت وە لە بەرامبەر دادگاش بیبەری دەبن، بەمانایەكی تر قەتلەكە لەملی خویان ئەكەنەوە.
ستیڤان: بەدەر لەوەی كولتووری كوردەواریی رووبەرێكی بەرفراوانی تیایە بۆبێ بایەخكردن و چەوساندنەوەی ژن، بەڵام یاساكان بەتایبەتی یاسای باری كەسێتی ئەم چەوساندنەوەیە لە فۆرمێكی یاساییدا رەوایی پێدەدەن، ئایا گۆڕینی یاساكان چەندە كاریگەرە لەراستای دابینكردنی مافەكانی ژن؟ ئاخۆ گۆڕینی یاسا بە بێ پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی لەگەڵیدا دەبێتە فاكتۆرێك بۆ پاراستنی ژن لە هەڕەشەی چەوساندنەوەو دواتریش یەكسانكردنی لەگەڵ پیاودا؟
رێگا رەئوف: لە هەموو كومەلگایەكدا قانون پەیوەندی نیوان ئینسانەكان دیاری دەكات، بویە گورینی قانون دەوری سەرەكی دەبینی لە دابینكردنی مافەكانی ژناندا، بەلام لەبەر ئەوەی لە كوردستان قانون سەروەر نیە بویە بە گورینی قانون كیشەی ژن كوتایی نایەت بەلكو دەبیت كاری دوای قانون گورین ئەوەبیت كە كار بكریت بو جیگیركردنی. نموونەیەک بو ئەمە گورینی فەقەرەی 59 قانونی عقوباتە لەسالی 2000 كە دەلیت (كوشتنی ژن قەتلە وە تاوانباران سزا ئەدرین) ئایا ئەم قانونە لە باری عەمەلیدا ئەسلەن كاری پیدەكریت؟
بەبروای من باری پیشكەوتنی كومەلایەتی لە كوردستان زور زور لە باری یاسایی لەپیشترە. ئەم معیارەی تو باسی دەكەیت ئیستا بە پیچەوانەیە لە كوردستان، خەلكی خوازیارای ئال و گور وریفورمە بەلام دەسەلات وە قانون لەدواوەیە.
ولاتی سوید نمونەیەكی باشە كە لە پیشدا قانون ئەگورن و پاشان خەلك ملكەچی بوون و ریعایەتیان كردووە، بویە ئینسان نابیت لە ئال و گور بترسیت. چونكە ئەگەر ئال و گور لە قانوندا دروست بیت ئەوا دەتوانریت زەمینەشی بو باش بكریت بو جیبەجیكردنی.
ستیڤان: ئەگەر بەزمانێكی سادە و كەمێك تەقلیدیی ئەو پرسیارە بكەین داخۆ چارەنووسی ژنی كورد بەكوێ دەگات؟ ئایا ئاسۆی بزوتنەوەیەك دەركەوتووە تا ژنی كورد لەم میحنەتە رزگار بكات یان دەبێ چاوەڕێی گڵۆبالیزەیشن و كاریگەریی دەرەكی بزوتنەوەی ژنانی دنیا بكات تا بتوانێ كەمێك لەو خەباتە سوودمەندێت؟
رێگا رەئوف: بیگومان بزووتنەوەی ژنان ئاسوی هەیە وە دەیەویت كە ژنان بە مافەكانی خویان بگات، ئەگەر ئەم ئاسویەمان نەبوایە نەمانئەتوانی دریژە بەین بەكاركردن، وە حەتمەن كاریگەری و هاوپشتی بزووتنەوەی ژنان لە دونیادا بو ژنانی كوردستان گرنگە چونكە ئیمەش بەشیكین لەو بزووتنەوە جیهانیە. مەسەلەیەكی كوردی مەشهور هەیە كە دەلیت تەنها بەدەستی خوت ئەتوانیت سەرت باش بخورینیت!!! من بەوە یەكسانی دەكەمەوە كە ماف دەسینریت وە نابەخشریت بەداخەوە ئەمە حەقیقەتیكی تەئریخیە كە خوت ئەبیت مافی خوت بسینیت، كەس ناتوانیت پیت ببەخشیت.
rega_rauf@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.